# تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانكۆی سەلاحەددین -هەولێر

**ID No. 3537**

(PP 95 - 112)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.4.7

**دیار محی الدین صادق**
كۆلیژی پەروەردە / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر
Diyar.sadeq@su.edu.krd

**سازە حسین رسوڵ**
كۆلیژی هونەرەجوانەكان / زانكۆی سەڵاحەدین-هەولێر
saza.rasul@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2020/03/09**
**پەسندكردن : 2020/08/08**
**بڵاوكردنەوە : 2020/11/11**

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئاستەكانی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دكتۆرا) لە زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گشتی و بە گوێرەی جۆری خوێندن ( ماستەر – دكتۆرا ) و پسپۆری خوێندن (زانستی – مرۆڤایەتی ) و كاتی خوێندن ( كۆرسات – نووسینی توێژینەوە ) و رەگەزی قوتابی ( نێر – مێ ) ، سامپڵی توێژینەوە ( ١٧٦ ) قوتابی بوو ( ٤٠ قوتابی ) سامپڵی سەرەتایی و ( ١٣٦ قوتابی ) سامپڵی كۆتایی بوو ، پێوانەی توێژینەوە لەلایەن توێژەران ئامادەكرابوو كە ( ٤٥ برگە ) بوو ، پاش جێبەجێكردنی راستگۆیی رواڵەتی پێوانەكە بەشێوەی كۆتایی بووە ( ٣٩ برگە ) ، جێگیری بۆ پێوانەكە بەرێگەی ئەلفا كرونباخ دۆزرایەوە ، پاش جێبجێكردنی كۆتایی پێوانەكە لەسەر سامپڵی كۆتایی توێژینەوە ، هەموو ئاماركارییەكان بە هەگبەی ئاماری( spss ) چارەسەر كران ، ئەنجامەكان دەریان خست كەوا قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر بەشێوەی گشتی تەنگژەی خوێندن لایان بەرزە و لای قوتابیانی ( ماستەر ) و قوتابیانی ( پسپۆری زانستی ) و قوتابیانی ( كۆرسات ) و قوتابیانی رەگەزی ( مێ ) زیاترە .

**كلیلە وشە :** تەنگژەی خوێندن ، قوتابیانی خوێندنی باڵا.

## ١- ناساندنی توێژینەوە

### ١-١ - گرفتی توێژینەوە :

جیهان لە هەموو ساتێك لە گۆڕانكاری دایە ، ڕەوڕەوەی ژیانیش خێراتر دەڕوات ، تاكەكانی كۆمەڵگاش بە قورسایی و هەندێ جاریش بە ئەستەمی فریای دەكەون ، وبەردەوام بە دوای دابین كردنی پێداویستی یەكانی ژیانن ولەبەر ئەوەی پێداویستی یەكان ڕۆژانە دەگۆڕێن بە تایبەتی لە بواری خوێندندا ، هەر بۆیە فشار دەخەنە سەر فێرخوازان ولە كۆتاییدا تەنگژە( فشار ) ی هەمەجۆر و ترسناك دێتە بەرهەم ومەترسیدار دەبێ بۆ ژیان و گوزەرانیان، تا دەگاتە ڕادەی كەمكردنەوەی ئاست و تواناكانی بەرهەم هێنان و داهێنان لە لایان .

تەنگژەی(فشاری) خوێندنی قوتابی لەناو دامەزراوە پەروەردەیی یەكان بابەتی كارو توێژینەوەی پسپۆرانی بواری پەروەردە و دەرونزانی بووە ، بەهۆی ئەو ئازار و كێشانەی كە قوتابیان دەیچێژن لە زۆری ئەركەكانی خوێندن و سیستەمی تاقیكردنەوەكان، كە هەندێك جار بارقورسایی خوێندنە لە توانا و ووزەكانی قوتابی زیاتر دەبێت ،هەرچەندە دامەزراوە فێركاری و پەروەردەییەكان بە دامەزراوەی دووەم ئەژمار دەكرێ پاش خێزان ،لەهەمان كاتدا لەوەیە ببێتە سەرچاوەی تەنگژەكانی خوێندن ، لەوەیە هۆكارێك بێ بۆ كاردانەوەی نیگەتیڤی قوتابی لە بوارەكانی دەروونی و ڕەفتاری ( عبد ، ٢٠١٨ ، لا ٤٩٣ – ٤٩٤ ) .

گۆڕانكاری یەكانی جیهان كاریگەری بەسەر زۆر لایەنی سیاسی و ئابووری و زانستی هەبوو ولەبەر ئەمەش زۆر تەنگژە ( فشار ) و پەستانی هەمەجۆر بەدەركەوتن و دووچاری مرۆڤ بۆتەوە و تا وای لێ هات زۆرێك لە زانایانی كۆمەڵناسی و دەرونزانی ئەم سەردەمە بە سەردەمی تەنگژەكان ناوزەند بكەن ، وەك چۆن بە سەردەمی هیلاكی و ماندووبوون و كاركردنی سەرووی ووزە و هێز و تواناكانی مرۆڤی ناو دەبەن ( الامیري ، ٢٠٠١ ، لا ٢ ) .

توێژینەوەكان ڕوونیان كردۆتەوە كاتێك مرۆڤ ڕووبەڕووی تەنگژانەكان دەبنەوە ، تەنگژانەكان كاریگەریی بەسەر كۆئەندامەكانی جەستەی دەبێ بە لەوانەش كۆئەندامی بەرگری دژ بە نەخۆشییەكان و لاوازی دەكات تا ڕادەی تووشبونی مرۆڤەكە بە نەخۆشی

سایکۆسۆماتی ( سەرچاوەی دەروون – کاریگەری لەسەر جەستە ) نمونەی قورحە یان برینی گەدە و پەستانی خوێن وشەکرە و قۆڵۆن ....هتد ( **علي ، 1994 ، لا ٣٧ ) .**

بە پێ ی شارەزایی وزانیارییەکانی توێژەران ( شوێنی کارکردنیان لە زانکۆ ) و لەبەر ئەوەی قۆناغی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا ) پێویستی بە شارەزایی و توانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونی تایبەت دەبێت ، هەر بۆیە مەزەندە دەکرێ قوتابیانی زانکۆ لە خوێندنی باڵا بە جیاوازی بارودۆخ وپسپۆری و ئاستەکانیان رووبەڕووی تەنگژەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و خوێندنی ببنەوە ، ورەنگە ئەم تەنگژانە بەگوێرەی پسپۆری و قۆناغی خوێندنەکە بگۆڕێ ، ئەمەش دەبێتە گرفتێک بۆ توێژەران و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پیداویستییەکی حەتمی دەبێت ، ئەوەی زیاتر گرفتی ئەم توێژینەوەیە ،باس نەکردن و ئەنجام نەدانی توێژینەوەی ( بە گوێرەی زانیارییەکانی توێژەران ) لەسەر تەنگژەی خوێندن بەتایبەتی لە قۆناغێکی زۆر گرنگ و هەستیاری وەک خوێندنی باڵا و نەبوونی لایەن و دەزگایەکی تایبەتی کە ئەرکی رێنمایی دەروونی و پەروەوەدەیی و فێرکاری لە قۆناغی خوێندنی باڵا بگرێتە ئەستۆ ، بۆیە ئەمانە هۆکاربوون بۆ توێژەران بۆ ئەنجام دانی ئەم توێژینەوەیە ،هەروەک هەوڵدانێکە ( بەقەدەر تواناکانی توێژەران ) و بەشێوەیکی زانستی و مەیدانی بۆ دۆزینەوەی ئاستەکانی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر و تیشک خستنە سەر رێگەچارەی کەم کردنەوەی ئەم تەنگژانە ئەگەر لە ئەنجامەکاندا لە ئاستێکی زیاتر دەربچێت .

**١ – ٢ - گرنگی توێژینەوە :**

لەوەتەی مرۆڤ لە جیهاندا دەژی دیاریدەی ( تەنگژەکان ) بە شێوازی هەمەجۆر ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بۆتە خاسیەتیکی تایبەتی سروشتی مرۆڤایەتی وهەردەم مرۆڤ لە ڕێگەی شارەزایی یەکانیەوە هەوڵی بەرنگاری بوونەوەی داوە ، بۆیە دەبینین هەندێ جار بۆتە هۆکارێک بۆ زیاتر بەگەڕ خستنی ووزەکانی لە پێناو گونجاندن و دەرباز بوونی لە تەنگژەکان و هەندێ جاریش بووەتە هۆکارێک بۆ کەم کردنەوەی چالاکی یەکانی و ژیانێکی پر لە دوودڵی و نارەحەتی بۆ بەرهەم هێناوە ( الخولی ، ٢٠٠٧ ، لا ٦١ ) .

ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ هەردەم خاڵی نەبووە لە هەڵوێستە تەنگژاوی و بە فشارەکان ، بەڵام زۆرجار تاکەکان بە جیاوازی تاکایەتی نێوانیان دووچاری تەنگژە و هەڵوێستە بە فشارەکان بوونەتەوە و بێ ئەوەی درکییان پێ بکات و یان کاریگەریەکەی بخەملێنێ ، بەلکو زۆرجار مرۆڤ ئەم ڕووداوانەی بە نەهامەتی یەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەژمار کردووە ، هەروەک ( دافیدۆف ، ١٩٨٤ ) پێی وایە کە ژیانی قوتابیان لە ماوەی خوێندنی زانکۆییدا دووچاری تەنگژەی زۆر دەبنەوە ( دافیدۆف ، ١٩٨٤ ، لا ٦١٥ ) .

زۆرێک لە هەڵویست و ڕووداوەکانی ئەمرۆی ژیان لەوەیە ببنە سەرچاوەی تەنگژەکانی مرۆڤ وەک قەیرانی دارایی و کەمی هەلی کار ودامەزراندن و موچە و بارگرانی ژیان و زۆری پێداویستی یەکانی ژیانی رۆژانە بەتایبەتیش ژیانی خوێندن لە زانکۆ ، وای لە قوتابیانی زانکۆ ( بەتایبەتیش قوتابیانی خوێندنی بالا ) کردووە ڕووبەڕووی تەنگژەی هەمەجۆر ببنەوە بەلام بەجیاوازی ڕێژە و جۆری تایبەت بە پسپۆری و قۆناغ و ئاست و ڕەگەز .....هتد ، ولەبەر ئەوەی قوتابیانی زانکۆ و قوتابیانی خوێندنی باڵا بە توێژێکی هۆشیار و رۆشنبیری کۆمەڵگا ئەژمار دەکرێن ، لەوەیە زیاتر هەستیارتر بن بە تەنگژە ئابووری و دەروونی و خوێندنی یەکان ، هەر لە دڵەڕاوکێی خوێندن وبارقورسایی زۆری ئەرکەکانی خوێندن و زۆری کویز و تاقیکردنەوەی رۆژانە و هەفتانەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی خوێندن و بەکار هێنانی تەکنەلۆژیای خوێندن و دوودڵی لە هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوە و تێز و نامەکانی خوێندن و سەرپەرشتیار .....هتد ، لە لایەکی تریش تەنگژەکانی ژیانی خێزانی و هاوسەری و ماڵ و منداڵ ، هەموو بەیەکەوە ڕەنگە ببنە سەرچاوەی تەنگژەیکی زۆر و کار بکاتە سەر ئاست و تواناکانی لە خوێندنی باڵا و داهێنان و بەرهەمەکانی کەمتر بکاتەوە .هەربۆیە زانکۆکان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەرپرسن لە ڕاهێنان و بیناتنانی کەسایەتی قوتابی زانکۆیی لەهەر ئاستیکدا ( دیبلۆم ، بەکالۆیۆریۆس ، ماستەر ، دکتۆرا ...هتد ) ، تا بەشێوەیکی پەروەردەیی و زانستیانەتر گۆش بکرێن و زانکۆ ببێتە تەواوکاری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و خێزانی قوتابی ، چونکە زانکۆ لەهەر ئاستیکی خوێندندا بریتی نیە لە پڕکردنەوەی مێشکی قوتابی زانکۆیی بە زانست و زانیاری بێ دروست کردن و بنیاتنانی تاکیکی تەندروست و بەسوود بۆ کۆمەڵگا ، وەک چۆن ئێستای کۆمەڵگەی کوردی پێویستی پێیتی و لە بارودۆخێکی هەستیار و ناسکدا تێپەر دەبێت و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی و هۆشیاری و رۆشنبیری قوتابیانی خوێندنی باڵا یارمەتیدار دەبێت لە پرۆسەی سەر لەونوێ ژیانەوە و هەستانەوەی کۆمەڵگەی کوردی .

کەواتە ئەوەی سەلامەتی تەندروستی و جەستەیی تاکەکان فەراهەم دەکات ، فێربونیانە کە چۆن ووزە و توانای عەقڵی و جەستەییان بەگەڕ بخەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفت و تەنگژانەی کە دووچاریان دەبنەوە و کۆسپ دەخنە بەردەم داهێنان و بەرهەمەکانیان ، ئەویش بە ڕوونکردنەوەی شێواز و ڕێگەی گونجاو لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان ( جرجيس ، ٢٠٠٢ ، لا ١٣ ) .

بە بڕوای ( سیلای ، ١٩٧٦ ) ژیان پرۆسەیکی بەردەوامی خۆگونجاندنە لەگەل بارودۆخ و ژینگەی دەوروبەر و تەنگژانەکان لە ئەنجامی کەم توانایی لە گونجاندن لەگەل بارودۆخ دروست دەبن و تەنگژەکان توندتر و زیاتر دەبن ئەگەر بارودۆخی ژیان و دەروبەر نا ئاسایی بێت ،بەتایبەتیش تەنگژەی دەروونی کە سەرچاوەی سەرەکی هەموو جۆرەکانی تری تەنگژەکانە وەک ( خوێندن ، خێزانی ، ئابووری ، پیشەیی ، سۆزداری ...هتد ) .ولەبەر ئەوەی قوتابیانی زانکۆ پێکهاتەی سەرەکی بنیاتنانی نەوەی دوارۆژی کۆمەڵگان بە وەرگرتنی بەر پرسیارێتی کار و پیشە و زانیاری و رۆشنبیری لە داهاتوودا ، هەر بۆیە گرنگی دان بە قوتابیانی زانکۆ و کەم کردنەوەی گیرو گرفت و ئازار و تەنگژەکانیان و گونجاندنی ژینگەیەکی ئاسودە بۆیان پیویستیکی هەنووکی یە (الحياني ،2016 ، لا 331 ) .

هەر بۆیە شیکردنەوەی ئەو تەنگژانەی کە ڕووبەڕووی قوتابیانی زانکۆ لە خوێندنی باڵا دەبنەوە لەم سەردەمەدا کارێکی زۆر گرنگە و پێش ئەوەی تێچوونێکی زۆرتر لە چارەسەر و رێگاکانی دەرباز بوون لە شڵەژان و نەخۆشی و گرفتە دەروونی یەکان سەرف بکەین ، هەوڵ بدەین زیاتر زانیاری و رێنمایی فێرکاری و دەروونی لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەل هەڵویستە تەنگژاوی یەکان بزانین .

بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ( بەگوێرەی زانیاری یەکانی توێژەران ) یەکەم توێژینەوەی مەیدانی و زانستی یە لە بواری تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەددین –هەولێر ، وەک بابەتێکی گرنگ و زیندووی بواری دەورنزانی پەروەردەیی و دەروون دروستی لای هەستیارترین قۆناغی خوێندنی زانکۆیی ( خوێندنی باڵا ) ، هەروەک ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدار دەبێت لە روونکردنەوەی تەنگژەکانی قوتابیانی خوێندنی باڵا تایبەت بە خوێندن لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر ، هەروەک ئاسانکاریکە بۆ لێپرسراوانی زانکۆ و بەرپرسانی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بۆ زیاتر هەوڵدان لە یارمەتیدانی زانستی و فێرکاری و پەروەردەیی قوتابیانی خوێندنی باڵا لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژە خوێندنی یەکانیان ، بەسوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ،قوتابیانی زانکۆ لە خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتورا ) متمانە و بڕوای زیاتریان بە زانکۆکان و سیستەمی خوێندنی باڵا بەرزتر دەبێتەوە لەوەی ئاست و پلەی فشار و تەنگژەکانیان کەمتر دەکەنەوە ، لە لایەکی تر ئەنجام وزانیاری یەکانی ئەم توێژینەوەیە روونکردنەوەیکی سەردەمییانە دەبێت بۆ لێپرسراوانی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆکان و وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ زیاتر گرنگی دان بە ئاراستە کردنی فێرکاری و پەروەردەیی و کردنەوەی خول و وێرکشۆپی تایبەت بە چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکانی خوێندن لە کاتی خوێندنی بالا بەهەردوو خوێندنی ( ماستەر – دکتۆرا ) لە زانکۆدا .

**١ – ٣ - ئامانجەکانی توێژینەوە :**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی :

١ – ئاستەکانی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بەگشتی .

٢ – جیاوازی لە تەنگژەکانی خوێندنی لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی :

أ – جۆری خوێندن ( ماستەر – دکتۆرا ) .

ب – پسپۆری خوێندن (زانستی – مرۆڤایەتی ) .

ج – کاتی خوێندن ( کۆرسات – نووسینی توێژینەوە )

د – ڕەگەزی قوتابی ( نێر – مێ ) .

**١ – ٤ - سنووری توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەی سنووردار کراوە بە تەنگرەی خوێندن لای قوتابیانی زانکۆ ( نێر – مێ ) لە قۆناغی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا ) ی ناو کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٨ – ٢٠١٩ .

**١ - ٥ - چەمکەکانی توێژینەوە :**

**یەکەم : تەنگژە :**

أ – لە زماندا : واتە ( توندی و تەنگی و شڵەژان ) وسەرچاوەکەی لە ( Distresses ) زمانی فەڕەنسای یەوە هاتوە بە مانای هەست کردن بە تەنگی و خنکان دێت (القيسي ، 2004، لا 25 ) .

ب – بە گشتی : کارتێکەرێکی ناوخۆیی تاکە ، ودەر ئەنجامی کارلێکی نێوان هێزە فشاروایەکان و پێکهاتە کەسایەتی یەکانە ، وهۆکارێکە بۆ شڵەژانە جەستەیی و دەروونی و رەفتاری وپاڵنەری تاکە بۆ ئەنجامدانی تەندروستی کارەکانی یان بە پێچەوانەوە (شحاذة و کاظم ، 2017 ، لا 242 ) .

**دووەم : تەنگژەی خوێندن :**

پێناسەی ( حسين ، 2006 ) : حاڵەتێکە لە ناگونجان لای قوتابیان لە ئەنجامی بەراوردکاری نێوان هەڵوێستە ژینگەیی یەکانی کە دووچاری دەبێتەوە لەگەل ئەو توانستانەی کە هەیەتی ، و شڵەژانی فسیۆلۆژی و دەروونی و ڕەفتاری نیگەتیڤ بەدوای خۆی دەهێنێت ( حسين ، 2006 ، لا ١٨٢ ) .

پێناسەی ( ابراهيم ،2009 ) : حاڵەتێکە لە تەنگی قوتابی ،بە هۆکاری ناوخۆیی وەک گرفتەکانی ژینگەی خوێندن و پرۆگرامی خوێندن و کاتی دەوام ، یان هۆکارەکەی دەرەکی وەک خراپ مامەلە کردن و هۆکاری خێزانی و کۆمەڵایەتی تر بێت (ابراهيم ،2009 ، لا ٣٢) .

پێناسەی ( فتيحة ،2018 ) : حاڵەتێکە لە دوودڵی و تەنگی ودووچاری قوتابیان دەبێتەوە لەزۆربەی قۆناغەکانی خوێندن ، بەهۆی نەگونجانی ژینگەی خوێندن و توانستەکانی قوتابیان ( فتيحة ،2018 ، لا ١٦ ) .

پێناسەی تیۆری توێژەران : سەرجەم ئەو بارودۆخ و گرانی ژیانی خوێندن ،کە قوتابی زانکۆیی لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) هەستی پێ دەکات ،و دەبێتە حاڵەتێکی نەگونجاندن لەتەک ژینگەی خوێندنەکەی ، و تووشی دوودڵی و تەنگی و نائارامی دەکات .

پێناسەی ڕێکاری تەنگژەی خوێندن : ئەو نمرەیە یە کە قوتابیانی خوێندنی باڵا بەدەستی دەهێنن لەکاتی وەڵامدانەوەی بڕگە و پرسیارەکانی پێوانەی تەنگژەی خوێندنی توێژینەوە .

**سێیەم : خوێندنی باڵا و قوتابیانی خوێندنی باڵا :**

**پێناسەی خوێندنی باڵا :** قۆناغی خوێندنی زانکۆیی یە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و لەدوای قۆناغی زانکۆیی یەکەمی یەوە دێت ، قوتابیان لەو قۆناغە ئاستێکی باڵاتر لە خوێندن دەخوێنن بۆ بەدەست هێنانی پلەی ماستەر و دکتۆراە .

**پێناسەی قوتابیانی خوێندنی باڵا :**

قوتابیانی تۆمار کراون لە پرۆگرامی خوێندنی باڵا ، کە قۆناغی خوێندنی پاش قۆناغی بەکالوریۆسە و پێک دێت لە ئاستی ئەکادیمی ( ماستەر ) و ئاستی ئەکادیمی ( دکتۆرا ) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بۆ سالی خوێندنی 2018 – 2019 .

**٢- چوارچێوەی تێۆری و تۆێژینەوەکانی پێشوو**

**٢ – ١ چوارچێوەی تیۆری :**

**٢ – ١ – ١ - تەنگژەی دەروونی Psychological stress**

تەنگژەی دەروونی دیاریدەیکی ژیانی یە ، مرۆڤ لەکات و شوێنی جیاواز تووشی دەبێت وبەئاڵۆز بوونی ژیان و گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا مرۆڤ ڕووبەڕووی چەند هەڵویستێک دەبێتەوە کە دوودڵی و دڵەڕاوکێ ی زیاتر دەکات ، لەوەیە بنە هەڕەشە لە ژیان و دوارۆژی ،بەمەش سەرەتاکانی تەنگژە و فشاری دەروونی سەرهەڵدەدات و دەبێتە کێشمەکێشی نێوان داواکاری و پێداویستی یەکانی ژیانی مرۆڤ و توانای ئەنجامدان و بەدی هێنانی ئەم پێداویستی و داواکارییانە و هۆکارێکە بۆ ماندووبونی دەروونی و جەستەیی و دابەزینی ئاستی وەبەرهێنان و کارکردنی ( بوشعراية و طاهر ، 2017 ، لا 8 ) .

بە ڕای ( سیلای ، ١٩٧٦) ژیان پرۆسەیکی خۆگونجاندنی تاکە لەتەک بارودۆخ و دەروبەرەکەی و توندبوونی ژیان بەسەریدا ، تووشی دوودڵی و دڵەراوکێیان دەکات ، دواتر بەرگری یە جەستەیی و دەرونی یەکانی دەخەنەوە گەڕ بۆ بەرنگاربوونەوەی هەڵوێستە تەمومژاویەکان بە مەبەستی بەدەست هێنانەوەی هاوسەنگی دەرونییەکانیان ، هەروەک جیاوازی تاکایەتی لە نێوان تاکەکان هەیە لە ئاستی بەرنگاربوونەوەییان بۆ فشار و تەنگژەکان ولەوەیە تاکێک بتوانێ بەرامبەر بەکێشەو تەنگژەکان بە تێڕامان و ئارام گرتن بوەستێتەوە و هەموو توانا و هێزەکانی بخاتە گەڕ بۆ دەرباز بوون لێی ، بێ لە دەستدانی هاوسەنگییەکەی و تاکیش هەیە

هەڵچوون و توانا و هێزەکانی ناتەندروست بەکار دەهێنیت و بێ سوودیش دەبێت وناشگاتە چارەسەری کیشەکانیان وبەئەستەم و گرانی دەتوانێ لێی دەرباز بیت ( جرجيس ، ٢٠٠٢ ، لا ٤٨ ) .

کە تەنگژە وفشارەکانی تاک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بن ، لەوانەیە مەترسی دروست بکەن و ببنە هۆکاری تێکچوونی ڕێکخستنی ڕەفتار ورەنگە تووشی هەندێ نەخۆشی سایکۆسۆماتی وجەستەیی بکاتەوە ،یان تووشی تێکچوون و گرژ بوونەوەی ماسولەکەکانی دەموچاوی دەکات ، ئازار لە ماسولکەکانی دروست دەبێت وهەست بە دڵتەنگی وتەنگەنەفسی دەکات ونیشانەکانی لەبیرچوونەوە و بێهێزی لە وەبیرهاتنەوە و گرانی لە بریاردانی گونجاو لا دەردەکەوێ (ابراهيم ، ٢٠١١ ، لا ٤ ) .

**٢ – ١ – ٢ - جۆرەکانی تەنگژە( فشارە) کان :**

بەپێ ی هۆکارەکانی دروست بوونی تەنگژەکان دەکرێنە ٣ جۆر :

– تەنگژەی ماددی : کە لە ئەنجامی هەندێک هۆکاری دەرەکی وەک ( ڤایرۆس و میکرۆب و ژاوەژاوەکان ...هتد ) دروست دەبن .

– تەنگژەی کۆمەلایەتی : کە لە ئەنجامی کارلێکی نێوان تاک و ژینگەکەی دروست دەبێت ، و هۆکارێکە بۆ شڵەژانی دەروونی .

– تەنگژەی دەروونی : لەهەموو جۆرەکانی تر بەربڵاوترە ، بەهۆی ئەو سروشتە نالەبار و دڵەڕاوکێ یەی کە هەیەتی و لە دەرئەنجامدا تاک تووشی داڕووخان دەکات ( الحلو ، 1989 ، لا 27 ) .

هەروەها ئەو تەنگژانەی کە قوتابیان تووشی دەبنەوە و بۆ ٣ جۆر دابەش دەکرێ :

– تەنگژەی ژینگەیی : وەک ژاوەژاوەکان و تۆزخۆڵ و نەبوونی شۆێنگەی خوێندن و زۆری ژمارەی قوتابیانی ناوپۆل و بەشە ناخۆیی یەکان و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و ناڕێکی کارەبا و ڕووناکی .

– تەنگژەی کۆمەڵایەتی و دەروونی : وەک خراپی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان و ململانیی نێوان هاوپۆلەکان و بەکەم سەیرکردنی تاک لەلایەن مامۆستا و هاوپۆلەکانی یەوە .

– تەنگژەی کەسیی : وەک هەست کردن بە گوناە و دڵەڕاوکێ ی ئایندە و بەرزبوونەوە و کەمبوونەوەی ئاست و پێشبینیە گەشبینی یەکان و ڕەشبینی یەکانی قوتابیان .

ئەمانە بەتەنیا فشار و پەستانێکی توند لەسەر تاک دروست نەکەن ، بەڵام ئەگەر چەند جۆرێک لەم نیشانانە بەیەکەوە لای تاکێک کۆببنەوە لەوەیە کاریگەرێکی بەهێز لەسەری جێ بەهێڵن و ببێتە گرفتێکی دەروونی (الاميري ، 2001 ، لا 35 ) .

بەلام (التميمي ، 2012 ) تەنگژەکانی قوتابیان دەکاتە ٧ جۆر کە ئەمانەن :

– تەنگژەی ژینگەی سروشتی : وەک پلەی گەرما و کارەساتەکان و پیسبوونی هەوا ...هتد .

– تەنگژەی ژینگەی کۆمەلایەتی : وەک لێکترازانە خێزانی یەکان و زۆری منداڵ و جیاوازی ئاراستەکان و نا خۆشگوزرانی تاک لە کۆمەڵگا .

– تەنگژەی ئابووری : وەک بێکاری و کەمی بەرهەمە هێنان و جیاوازی چینایەتی ....هتد .

– تەنگژەی پیشەیی : وەک هەست کردن بە دڵەڕاوکێ و ماندووبن بە پیشەی تاک ، نا ڕازی بوونی پیشەیی تاک لە کارەکەی .

– تەنگژەی سۆزداری : لە هەمویان زیاتر بەر بڵاوترە و زۆر کاریگەرە لەسەر مرۆڤ و دەرئەنجامی سەرنەکەوتنی پەیوەندی سۆزداری و کۆچکردن و نەهێنانەدی ئامانجەکانی تاک و زیاتر کەسانی خێزاندار تووشی ئەمجۆرە تەنگژەیە دەبنەوەک وەک لە سەڵتەکان .

– تەنگژەی نەخۆشی یەکان : هۆکارەکەی ئالودەبوونی تاکە بە ماددە هۆشبەرەکان و برینداربوونی بە رووداو و کارەساتەکان و کەمە ئەندامبوونی .

– تەنگژەکانی خوێندن : بەهۆی قورسی و گرانی یەکانی کە ڕووبەڕووی قوتابیان دەبێتەوە لەهەر قۆناغێکی خوێندندا وەک فشاری پرۆگرامەکان و تاقیکردنەوەکان و سزا و یاسا و رێسا توندەکانی دامەزراوە فێرکاری یەکان و فشاری هاوپۆلەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن ( التميمي ، 2012 ، لا ٤٥ – ٤٦ ) .

**٢ – ١ – ٣ - تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا:**

تەنگژەی دەروونی شوێنەوارێکی خراپ لە لایەنەکانی کەسایەتی تاک بەجێ دەهێلێ ، هەروەک تەنگژەی دەروونی لای تاک هۆکاری سەرەکی یە بۆ دروست بوونی زۆربەی تەنگژەکانی تر وەک خوێندن ، خێزانی ، ئابووری ، پیشەیی و سۆزداری ( الحياني ، 2016 ، لا 331 ) .

لەبەر ئەوەی گرنگترین کاری زانکۆکان گەشەپێدان و بەرەوپێشوەچوونی کۆمەڵگا بەگشتی و ئاستی رەوەشەن فکری تاکەکانیەتی لەرێگەی خوێندنی باڵا ، هەر بۆیە ئەگەر خوێندنی زانکۆیی داهێنەری هێزی کار و بەرهەم هێنەری کۆمەڵگا بێت ، کەواتە خوێندنی باڵا کارگەی بەرهەم هێنانی ئەو زانست و فیکرە بەرهەم هێنەرەیە کە لەو رێگەیەوە کۆمەڵگا بەرەو پێشکەوتنی زیاتر دەبات **( عقل ، 2005** ، لا ١٢ ) .

بەمجۆرە پێوەرەکانی جیاکاری و کواڵێتی و پێشبرکێ ی زانکۆکان مەیدانی توێژینەوەی زانستی و خوێندنی باڵا یە ، بەهۆی دەستکەوتە بەرزەکانی و داهێنانە نایابەکانی ، و ( چەندایەتی ) توێژینەوەکان و ژمارەی قوتابیانی خوێندنی زانکۆیی یەکەمی و دووەمی ( خوێندنی باڵا ) نابێتە پێوەری پێشکەوتنی زانکۆکان لە جیهاندا، چونکە ئەوکات زۆر ئاسان دەبێت بۆ زانکۆکان دەرگاکانی بکاتەوە و زۆرترین قوتابیان وەربگیرین ، بەڵکو لایەنی ( جۆری – کواڵێتی ) توێژینەوەکان و داهێنان و ئەفراندنەکانی زانستی پێوەری یەکلایی کاری پێشبرکێ ی زانکۆکانە (الكبيسي و أحمد و أحمد ، 2016 ، لا ٣٤٢ ) .

توێژینەوەی ( البياتي ، 2009 ) گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی ئەوەی زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ رازی نین لە ئاستی زانستی زانکۆکانی عیراق بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و نەبوونی سەرچاوەی زانستی تازە وبەنزیکەیی ٨٠% ی مامۆستایان بروایان بە بوونی پەیوەندی نێوان پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی و بازاری کار نیە ، ٨٩,٨% ی مامۆستایان داواکاری هێنانە ناوەوەی شێوازی نوێ ی وانەووتنەوەن بۆ زانکۆکان ، و ٧٦% ی قوتابیان بڕوایان بە بڕوانامەی زانکۆیی نەماوە بە هۆکاری ئەوەی هاوسەنگ و هاوشێوەی بڕوانامەکانی زانکۆ عەرەبی و جیهانی یەکان نیە ، یان لە جیهاندا بڕوای پێ ناکرێ ( البياتي ، 2009 ، لا ٣١ ) .

تەنگژەی دەروونی قوتابیان لە بواری خوێندن گەورەترین گرفتی بۆ توێژەرانی بواری پەروەردەیی و دەروونی دروست کردووە لەبەر ئەوەی کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کەسایەتی قوتابی جێ دەهێڵێ لەوکاتەی ئاستی تەنگژەکان بەرزتر دەبێتەوە و ئاستی بەرگەگرتنی قوتابیان کەمتر دەبێتەوە بەتایبەتی لەبواری دەستکەوتی خوێندنەکانیان ، بەمەش کاریگەری خراپی لەسەر خودی قوتابیەکە دروست دەکات ( شراب و وادي ،2015 ، لا 2 ) .

زۆربەی توێژینەوەکان ئەنجامەکانیان دەریدەخەن کە گرفتەکانی خوێندن کاریگەری گەورەی لەسەر ئاستی بەدەست هێنانی خوێندن لای قوتابیان هەیە وهەرچەند قوتابیان بەدەست کێشەکانی خوێندن بناڵێنن ئاستی خوێندنیان دادەبەزێت ، چونکە تەنگژەکانی خوێندن قورسی و گرانی یە بۆ قوتابیان و حاڵەتێکی ناگونجان لەگەل ژینگەی خوێندنەکەی بۆ دەخوڵقێنێت ،لە شڵەژانی پەیوەندی یەکانی لەگەل دامەزراوە فێرکارییەکەی و ڕەتکردنەوەی پرۆگرام و تاقیکردنەوەکان زیاتر بەدەر دەکەوێ ( جابر ، 2004 ، لا 47 ) .

تەنگژەکانی ( گوشارەکانی )خوێندن چەمکێکی تازەیە لە دەروونزانی بەگشتی و دەروونزانی پەروەردەیی بەتایبەتی ، ئەو چەمکە وا دەکات قوتابیان تووشی دوودڵی و دلتەنگی یکی توند ببنەوە لەناو دامەزراوە فێرکارییەکان ، ( Pilet,2009 ) پێ ی وایە تەنگژەی خوێندن حاڵەتێکە لە دڵەڕاوکێ ی هەنووکی ، تووشی قوتابیان دەبێت لە قۆناغەکانی ناوەندی و دوا ناوەندی و دوا ئامادەیی بەهۆی کارەساتێکەوە دروست دەبێت وەک مردنی یەکێک لە قوتابیەکان و یان مامۆستاکان و یان ئەوانەی لەو دامەزراوەیە کار دەکەن ، یان لە دەرئەنجامی گرفتەکانی قوتابیان لەنیوان خۆیان دروست دەبێت ، بەڵام بێ توانایی قوتابی ڕێگر دەبێت لەو هەوڵانەی کە دەیدات بۆ دەرباز بوون لەم تەنگژانە ، بەمجۆرەش تەنگژەی خوێندنی حاڵەتێکە لە دوودڵی و تەنگی تووشی قوتابیان دەبێتەوە لەهەر قۆناغێکی خوێندنی ( عبد ، 2018 ، لا 499 ) .

تەنگژەی خوێندن بەشێکە لە تەنگژەی دەروونی و دوو لایەنە ، بەو واتایەی کە تەنگژەی خوێندن لە ئاستی مام ناوەند و سروشتی بێت ، هاندرێک و پاڵنەری بەهێزە بۆ زیاتر هەوڵدان و کۆشش کردن ، بەڵام کاتێک لە ئاستی سروشتی تەنگژەکان دەردەچێت ، ئەوا ئاستی بەرگەگرتنی قوتابیان دەبرێت و دەبێتە هۆکاری هەدەردانی ووزەی جەستەیی و توانای قوتابی لە ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانی خوێندنی وێرانە دەکات وتا ئەم تەنگژانە بەردەوام بن بۆ کاتێکی زۆر شڵەژانی جەستەیی و عەقڵی توند بۆ قوتابی دروست دەکەن تا ڕادەی شڵەژانی کۆئەندامی دەماری نا خۆویست (خلف ، 2016 ، لا 189 ) .

توێژینەوەکانی (Fimian,1988) ئاماژە پێکراو لە توێژینەوەی (القيسي ، 2004 ) ئاماژە بۆ ٣ سەرچاوەی سەرەکی تەنگژەکانی قوتابیان دەکات ئەوانیش :

– کێشە هیلاک کارەکانی قوتابیان : وەک شوێنگەی خوێندن و پەیوەندی یەکانی لەگەل قوتابیانی دیکە و ئاستی بەدەست هێنانی خوێندن .

– کێشە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی یەکان : وەک دەسەڵاتەکانی مامۆستا لەناو خوێندندا و پشت گوێ خستنی گفتوگۆی بابەتەکان بەتایبەت بابەتە ئاڵۆزەکان .

- پەیوەندی یە نەگونجاوەکانی خوێندن : وەک بێزاری و بێ تاقەتی لە کارکردن و خوێندن لەناو پۆلە فێرکاری یەکان و رۆتینی کاری رۆژانەی خوێندن و قورسی و ئاڵۆزی پەیوەندی گرتنی گونجاو لەگەل مامۆستاکان (القیسي ، 2004 ، لا 9 – 10 ) .

هەر بۆیە توندی و دووبارەبوونەوەی تەنگژەی دەروونی لای قوتابیانی زانکۆ لە ژیانی خوێندنی قوتابیان کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی قوتابی هەبێت ، وهەندێکجار دەگاتە ئاستی ماندووبوونی عەقڵی و جەستەیی و دەروونی و ڕەشبینی و قوتابی ناتوانێت پشتگوێ ی بخات ویان بەئاسانی لەگەلیان بگونجێت ، بەمجۆرەش ئەم تەنگژانە هەڵوێستی ئاڵۆز و فشارکارن ودەتوانن شڵەژانی ڕەفتاری لای تاک دروست بکەن کاتێک تەنگژەکان بۆماوەێکی زۆر دەمێننەوە ( التمیمي ، 2012 ، لا ٧ ) .

**٢ - ١ - ٤ - هۆکارەکانی تەنگژەی خوێندن :**

توێژینەوەکانی ( شراب و وادي ،2015 ) تیشک دەخەنە سەر چەند هۆکارێکی تەنگژەی خوێندن وەک :

- سەختی سیستەمی فێرکاری و توندی کارگێری دامەزراوە پەروەردەیی یەکان و قورسی مامەڵە کردن لەگەڵیان و کەمی بوار دان بە قوتابیان بە ئەنجامدانی چالاکی یە زانستی و پەروەردەیی یەکانیان بەشێکی ترن لە سەرچاوەکانی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیان ، هەروەها قوتابیان هەست بە داڕوخان دەکەن کاتێک مامۆستاکانیان بواری گفتوگۆ و دیبەیت لە بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن بۆ قوتابیاکانیان ناهێڵن .

- سیستەم و زۆری تاقیکردنەوەکان هۆکارێکن بۆ هەست کردنی قوتابی بە توندی و تەنگی و شڵەژان و بەرزکردنەوەی ئاستی تەنگژەی خوێندنی ، بەتایبەتی کاتێک قوتابی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و کاریگەری نێوان تاقیکردنەوەکان و دوارۆژی خۆی درک دەکات.

- سەختی و نەگونجانی پەیڕەو و پرۆگرامەکانی خوێندن ، ئازار و بێ توانایی لای قوتابیان دروست دەکات کە لە کۆتاییدا هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەنگژەکانی خوێندنیان ( شراب و وادي ،2015 ، لا ١٣ ) .

بەلام توێژینەوەی ( عبد اللطیف ، 1993 ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هۆکارەکانی تەنگژەی خوێندن لە ڕووی توندی و ڕێژەکەی لای تاکەکان جیاوازن ، و هۆکارەکانی تەنگژەی خوێندنیش ئەمانەن :

- ئاراستەکانی باوان- دەوروبەر تایبەت بە ئاستی بەدەست هێنان : سەرچاوەیەک بۆ فشار و تەنگژە و پەستان بۆ باوان و دەوروبەر نزمی نمرەکانی قوتابیەکەیانە ، و تەنگژەکانش زیاتر دەبن بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و نمرەکانیان ، بەتایبەتی ئەگەر باوان یان دەوربەر خاوەن بڕوانامەی زانستی زۆر بەرز و باڵا بن .

- ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان : هەست پێکراوە کە داهات و باری دارایی کەمی خێزان ڕێگر و بەربەستە لە بەردەم فەراهام کردنی پێداویستی خوێندن بۆ قوتابیان و لەبەرامبەردا زۆرکات تەنگژە بۆ خودی قوتابیەکەش دروست دەکات ، توێژینەوەکانی دەرونزانی کۆمەلایەتی دەیسلمێنن کە کێشە کۆمەڵایەتی یەکانی وەک ( سەفەر وکۆچ، تەڵاق ، و ئیفلاسی خێزانی ..هتد ) فشار و تەنگژەی تایبەتی بەسەر قوتابیاکانیان دروست دەکات و لەوانەیە ئاستی خوێندنیان دابەزێنێت .

- ڕەزامەندی قوتابیان لە بوار و ئاست و پسپۆری خوێندنەکەی : توێژینەوەکان ڕوونی دەکەنەوە ئەو قوتابیانەی بە خواستی باوانیان یان دەوربەرییان لە پسپۆڕێکی خوێندن وەردەگیرن ، زۆرتر تووشی تەنگژەی خوێندن دەبنەوە ، وەک ئەو قوتابیانەی کە بە مەیل و حەز و ئارەزوەکانیان لەو پسپۆریە و ئاست و خوێندنە دەخوێنن .

- هۆکاری تایبەت بە دامەزراوە فێرکاری و پەروەردەیی یەکان : توێژینەوەکان ڕوونی دەکەنەوە ، کە کەمی و پێداویستی قوتابیان بۆ ( تاقیگەی زانستی و هۆڵی خوێندنەوە و کتێبخانەی سەردەمیانە و سەرچاوەی نوێ ، گەشتی زانستی ، .....هتد ) هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و پلەی تەنگژەی خوێندن ، چونکە فەراهام کردنی ئەم پێداویستیانە یارمەتی قوتابیان دەدەن بۆ بەرزکردنەوەی خوێندن و هەروەک بوارێکی دەروونی گونجاوە بۆ خاڵی کردنەوەی بارگە هەڵچوونی یە توندەکان کە لەدەر ئەنجامی تەنگژەی خوێندن تووشیان بۆتەوە ( عبد اللطیف ، 1993 ، لا 115 – 119 ) .

کەچی لە توێژینەوەی ( عبد ، 2018) ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ڕێگاکانی وانە ووتنەوەی کلاسیک و کۆن هۆکارێکی کاریگەرن بەرزکردنەوەی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیان ئاماژە پێ کراوە ، هەروەها زۆری ئەرکەکانی خوێندن و کەمی کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی سەرچاوەێکی ترن بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و پلەی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیان ، جیاوازی بەرچاو و بەلگەداری ئاماری لەنێوان ڕەگەزی(نێر- کوڕ) و(مێ – کچ) هەیە لە ئاستی تەنگژەکانی خوێندن وقوتابیانی ڕەگەزی(نێر- کوڕ) تووشبوونیان بە تەنگژەی خوێندن دەبنەوە وەک قوتابیانی ڕەگەزی ( مێ – کچ ) زیاترە( عبد ، 2018 ، لا ٥٠١ ) .

به گوێرەی توێژینەوەکانی (محمد و عبد الغني ، 2016 ) گرنگترین تەنگژە و گرفتی قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆ تەنگژەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و گرفتەکانی تایبەت بە کارگێری زانکۆ و تەنگژە و گرفتەکانی تایبەت بە پرۆگرامی خوێندن و ڕێگاکانی وانەووتنەوەی خوێندنی باڵا و تەنگژەکانی تایبەت بە گرفتەکانی پەیوەندی نێوان قوتابیانی خوێندنی باڵا و دەستەی وانەووتنەوە (محمد و عبد الغني ، 2016 ، لا 310 ).

هەروەها توێژینەوەی ( القيسي ، 2004 ) ئاماژە بۆ بەرزی ئاستی تەنگژەکانی خوێندن دەکات لای قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و زیاتر قوتابیانی رەگەزی (نێر- کوڕ) تووشی تەنگژەی خوێندن دەبنەوە وەک لای قوتابیانی ڕەگەزی (مێ – کچ) ، بەڵام جیاوازی قۆناغی خوێندن هیچ جۆرە جیاوازییک لە ئاستی تەنگژەکانی خوێندن لای قوتابیان دروست ناکات ( القيسي ، 2004 ، لا ١٣٤ ) .

بەڵام ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ( شراب و وادي ، 2015 ) دەریدەخەن کە بەربڵاوترین سەرچاوەی تەنگژەی خوێندن تەنگژەی تاقیکردنەوەکان و پرۆگرامی خوێندنە ، قوتبیانی ڕەگەزی ( مێ – کچ ) زیاتر تووشی تەنگژەی خوێندن دەبنەوە وەک لە قوتابی (نێر- کوڕ ) ، هەروەها جیاوازی لە تەنگژەی خوێندن نەبوو بە گوێرەی جیاوازی پسپۆری خوێندن ( شراب و وادي ، 2015 ، لا ٢ ) .

**٢ – ١ – ٥ - نیشانەکانی تەنگژەی خوێندن :**

– نیشانە فسیۆلۆژییەکان :تەنگژەکان کاریگەری نەرێنیان لەسەر لایەنی فسیۆلۆژی تاک دەبێت،ڕووداو وباروذۆخە تەنگژاوییەکان گۆڕانکاری لە کاری ئەندامەکان دەکات وتێکچوونێک لە رژانی گلاندەکان و کۆئەندامی دەمارەکان دروست دەکات وەک بەرز بوونەوەی رێژەی کۆلیسترۆلی ناو خوێن و تێکچوونی پرۆسەی هەرس کردن وسەر ئیشە و ئازاری گەدە..هتد .

– نیشانە ڕەفتارییەکان : بەگوێرەی توێژینەوەکانی ئەم بوارە قوتابی خاوەن تەنگژەی خوێندن لەلایەنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تێکدەچییت تووشی گۆشەگیری و سەرنەکەوتن لە ئەنجام دانی ئەرکەکان و نەمانی هەستی بەرپرسیاریەتی و شەڕانگیزی و شڵەژانی خەوتن و خواردن...هتد دەبێتەوە .

– نیشانە دەرونییەکان : تەنگژەکانی خوێندن کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر قوتابی هەیە و ئەم کاریگەرییە تێکچوونی میکانیزمە بەرگری یەکانی لێدەکەوێتەوە ،چونکە تەنگژەی خوێندنی سەر قوتابیان وا لە قوتابی دەکات زووتر تووشی هەڵچوون و دڵەڕاوکێ دەبێتەوە و هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی ئارامی و ترس وتۆقانێکی گەورە و نەمانی متمانە بە خۆی و بە دەوروبەر ونزم بونەوەی هەڵسەنگاندنی خود و هەست کردن بە کەمی و وەسواسی .

– نیشانە هەڵچونییەکان : کە زیاتر کاریگەری بەسەر ئاست و بینیادی مەعریفی قوتابی دەبێت و زۆرێک لە ئاستی کارەکردنی مەعریفی دادەبەزێت تووشی چەند حاڵەتێکی وەک نەمانی تەرکیز و لەبیرچوونەوە و قورسی لە بڕیاردان دەبێتەوە **( عبد ، 2018 ، لا ٥٠٠ – ٥٠٣ ) .**

**٢ – ٢ - توێژینەوەکانی پێشوو :**

- توێژینەوەی ( القيسي ، 2004 ) : ئامانجی توێژینەوەکە دۆزینەوەی ئاستەکانی تەنگژە و توندوتیژی قوتابخانەیی و پەیوەندی نێوانیان ، و جیاوازی بە گوێرەی ڕەگەز و پۆلی خوێندن ، سامپڵی توێژینەوە ( ٦٠٠ ) قوتابی پۆلەکانی ( یەکەم و سێیەمی ) ناوەندی لە بەریوەبەرایەتی پەروەردەی کەرخ لەناو شاری بەغداد ، هەردوو پێوانەی توێژینەوە لە لایەن توێژەر ئامادە کرا بوو ، و هەردوو پێوانەش راستگۆیی و جێگیری بۆ دەرهێنرا بوو ، لە ئەنجامدا ، سامپڵی توێژینەوە ئاستی تەنگژە و توندوتیژی قوتابخانەییان لە لا بەرز بوو ، قوتابیانی ( نێر ) زیاتر تەنگژەی قوتابخانەییان هەبوو ، وجیاوازی لە ڕەگەز لەنێوان ( کچ و کور ) لە توندتیژی قوتابخانەیی نەبوو ، جیاوازی هەبوو لە پۆلی خوێندن وزیاتر لای پۆلی یەکەم بوو .

- توێژینەوەی ( شراب و وادي ، 2015 ) : ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی سەرچاوەکانی تەنگژەی قوتابخانەیی و پەیوەندی بە بەدەستهێنانی خوێندنی گشتی لای قوتابیانی قوناغی ئامادەیی بەپێ ی ڕەگەز و پسپۆری و ئاستی خوێندنی باوان ، سامپلی توێژینەوە بریتی بوو لە ( ٢٨٥ ) قوتابی ئامادەیی لە پاریزگای ( خان یونس – فەلەستین ) ، توێژەران لیستێکی زانیاری سەرەتاییان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پسپۆری و ئاستی بەدەستهێنان و ئاستی خوێندنی باوان ئامادە کردبوو ، هەروەها پێوانەیەکییان بۆ پێوانەی تەنگژەی قوتابخانەیی ئامادەکربوو ، لە ئەنجامەکانی توێژینەوە دەرکەوت کەوا زیاترین تەنگژەی قوتابخانەیی و خوێندن ( فشاری تاقیکردنەوەکان و پرۆگرامەکانە ) ، قوتابیانی ( کچ ) زیاتر تەنگژەییان هەیە ، بەلام هیچ جیاوازیک لە تەنگژەی خوێندن و قوتابخانەیی نەبوو بەپێی پسپۆری خوێندن و ئاستی خوێندنی باوان .

- توێژینەوەی ( خلف ، 2016 ) : ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان تەنگژەی خوێندن و گەشبینی – رەشبینی لای قوتابیانی قوتابیانی کۆلیژی پەروەدەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان بەگوێرەی رەگەز ( نێر – مێ ) و قۆناغی خوێندن ( دووەم – چوارەم ) ، سامپڵی توێژینەوەکە ( ١٢٥ ) قوتابی بوو ، وهەردوو پێوانەی تەنگژەی خوێندن وپێوانەی وگەشبینی – رەشبینی لەلایەن توێژەر بنیات نرا ، راستگۆی و جێگیری بۆ پێوانەکان دۆزرایەوە ،ئەنجامەکان دەریانخست کە قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی تەنگژەی خوێندنیان هەیە ، و زیاتر لای ڕەگەزی ( نێر) هەیە ، وئاستی گەشبینی زیاتر بوو وەک لە ڕەشبینی لای قوتابیان ، ونەبوونی جیاوازی بەگوێرەی قوناغی خوێندن .

- توێژینەوەی ( عبد، 2018) : ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئاستەکانی تەنگژەی قوتابخانەیی و یاخیبوونی دەروونی لای قوتبیانی قۆناغی سەرەتایی و دۆزینەوەی جیاوازی بە پێ ی ڕەگەز ،سامپڵی توێژینەوە ( ١٠٠ ) قوتابی یە لە (٣ ) قوتابخانەی پاریزگای بەغداد وەرگیرا بوو ، پێوانەکانی توێژینەوە لە لایەن توێژەرەوە بنیات نرا بوو ، پێوانەی تەنگژەی قوتابخانەیی (٢٢ )برگە بوو ، و پێوانەی یاخیبوونی دەروونی ( ٢١ ) برگە بوو ،خاسیەتی سایکۆمەتری بۆ پێوانەکان دەرهێنرابوون ، بەگوێرەی ئەنجامەکان سامپڵی توێژینەوەکە تەنگژەی قوتابخانەیی و یاخیبوونی دەروونییان هەیە ، و تەنگژەی قوتابخانەیی زیاتر لای قوتبای رەگەزی نێر ،نەبوونی جیاوازی لە ڕەگەز لە یاخیبوونی دەروونی .

- توێژینەوەی (فتيحة ، 2018 ) : ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئاستەکانی تەنگژەی دەروونی خوێندنی لای قوتابیانی ئامادەیی و دۆزینەوەی جیاوازی بەپێ ی ڕەگەز ( کوڕ –کچ ) و پسپۆری خوێندن ( زانستی – وێژەیی ) و شوێنگەی نیشتەجێ بوون ( ناوشار – دەرەوە ) ، سامپڵی توێژینەوە ( ١٢٠ ) قوتابی ئامادەیی لەناو شاری ( السعيدة ) لة جزائير بوو ، توێژەر پێوانەی ( الانصاري ) تایبەت بە تەنگژە بەکار هێنا ، ئەنجامەکان دەریان خست کە جیاوازی لە تەنگژەی دەروونی و خوێندنی هەیە بە پێ ی ڕەگەزی قوتابی و زیاتر قوتابیانی ( کچ ) تەنگژەییان هەیە ، بەلام هیچ جیاوازیک بەدەر نەکەوت لە تەنگژەی دەروونی و خوێندن بە پێ ی پسپۆری خوێندن و شوێنگەی نیشتەجێ بوون .

**٣ - میتۆد و لایەنەکردارییەکانی توێژینەوە:**

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وەسفی یە ، و کردارییەکانی توێژینەوە بەمجۆرەیە :

**٣ -١ - کۆمەڵگا توێژینەوە** :

توێژەران هەڵسان بە دەست نیشان کردنی کۆمەلگەی توێژینەوەکەیان کە بریتیە لە قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتۆرا – بە هەردووبەشی کۆرساتی خوێندن و پرۆژەی نووسینی توێژینەوە ) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بۆ سالی خوێندنی ٢٠١٨ – ٢٠١٩ ، کە ژمارەی گشتی ئەم قوتابیانە ( ٦٣٣ ) [1] قوتابی بوون ( بڕوانە خشتەی ژمارە١ ) .

خشتەی ژمارە ( ١ ) کۆمەڵگای توێژینەوە –قوتابیانی خوێندنی باڵا بەگوێرەی جۆری خوێندن و ڕەگەز

| جۆری خوێندن | کۆرساتی خوێندن | | پرۆژەی نووسینی توێژینەوە | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ماستەر | 29 | 22 | 100 | 117 | 268 |
| دکتۆرا | 36 | 14 | 193 | 122 | 365 |
| **کۆی گشتی** | **65** | **36** | **293** | **239** | **633** |

**٣ - ٢ – سامپڵی توێژینەوە :**

هەرکاتێک کۆمەڵگەی توێژینەوە دیارکراو بوون لە چوارچێوەیکی ئاماری ، ئەوا باشترین جۆری سامپڵ هەڵبژاردن ( هەڕەمەکی سادەیە ) چونکە هەموو ئەندامانی کۆمەلگەی گشتی توێژینەوە چانسی بوونیان بە سامپڵ هەیە ( الزغلول ، 2005 ، لا 22 ) .

هەر بۆیە توێژەران بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ( ٢ دوو ) سامپڵییان هەڵبژارد و بەمجۆرە :

أ - سامپڵی جێبەجێ کردنی سەرەتایی ودەرهێنانی ڕێژەی جێگیری پێوانەی توێژینەوە ،کە ( 40) قوتابی خوێندنی باڵا بوو ( 20 قوتابی ماستەر ، 20 قوتابی دکتۆراه ) ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٢ ) .

[1] توێژەران ئەم داتایانەیان لە یەکەی توێژینەوەی زانستی لە سەرۆکایەتی زانکۆ دەست کەوتووە .

خشتەی ژمارە ( ٢) سامپڵی جێبەجێ کردنی سەرەتایی توێژینەوە

| جۆری خوێندن | کۆرساتی خوێندن | | پرۆژەی نووسینی توێژینەوە | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ماستەر | 5 | 5 | 5 | 5 | 20 |
| دکتۆرا | 5 | 5 | 5 | 5 | 20 |
| کۆی گشتی | 10 | 10 | 10 | 10 | 40 |

ب- سامپڵی جێبەجێ کردنی کۆتایی وبەدەست هێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوە ،کە ( 136) قوتابی خوێندنی باڵا بوو ( 68 قوتابی ماستەر ، 68 قوتابی دکتۆراە ) ، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣ ) .

خشتەی ژمارە ( ٣) سامپڵی جێبەجێ کردنی کۆتایی توێژینەوە

| جۆری خوێندن | کۆرساتی خوێندن | | پرۆژەی نووسینی توێژینەوە | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| ماستەر | 17 | 17 | 17 | 17 | 68 |
| دکتۆرا | 17 | 17 | 17 | 17 | 68 |
| کۆی گشتی | 34 | 34 | 34 | 34 | 136 |

**٣ - ٣ – پێوانەی توێژینەوە :**

پاش شیکردنەوە و سەیرکردنی توێژینەوە وپێوانەکانی پێشوو وەک ( فتيحة ، 2018 ) و (عبد ، 2018 ) و (خلف ، 2016 ) و ئەدەبیاتی توێژینەوە لە بواری تەنگژەی خوێندن و ئاراستە کردنی پرسیارێکی کراوە لەم بوارە ، توێژەران هەڵسان بە ئامادەکردنی پێوانەی تەنگژەی خوێندن کە لە ( 45 ) برگە پێک هاتبوو ، و ( 6 شەش ) جێگرەوەی وەڵامدانەوەی هەیە ،ئەوانیش ( زۆر ڕازیم ، ڕازیم ، نازانم ، نا ڕازیم ، زۆر نا ڕازیم ) ، ونمرەی جێگرەوەکان لە نێوان ( 1– 5 ) دەبێت ( بڕوانە پاشکۆی 1 ) .

**٣ - ٤ – ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوانە :**

لەبەربڵاوترین جۆری ڕاستگۆیی یە ، برگەکانی پێوانەکە پیشانی چەند پسپۆرێکی بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن و پسپۆری ئەو بوارە دەدرێ بۆ دەست نیشانکردنی ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی پێوانەکە لە پێوانە کردنی ئەو چەمکەی بۆ دانراوە پێوانەی بکات (عودة و الخليلي ، 2000 ، لا ١٤٦ ) . بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕاستگۆییە و دڵنیا بوون لە گونجانی برگەکانی پێوانەی توێژینەوە لە پیوانە کردنی تەنگژەی خوێندن ، توێژەران پێوانەی توێژینەوەکەیان پیشکەش بە چەند پسپۆرێکی پەروەردە و دەرونزانی کرد کە ژمارەییان ( ٦ هەڵسەنگێنەر ) بوو ، بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 2 ) ، وبەپی ی بۆچوونی هەڵسەنگێنەران ڕێژەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی و ڕێژەی سەددی ڕەزامەندی هەڵسەنگێنرانی پێوانەکە (91,1%) ، هەروەها برگەکانی ژمارە ( 4 ،6 ، 15 ، 20 ، 26 ، 37 ، 38 ، 42 ، 45 ) لادران ، چونکە رێژەی ڕەزامەندی (80%) ی هەڵسەنگێنەرانی بەدەست نەهێنا ، لە کاتێکدا ڕێژەی سەددی ڕەزامەندی هەڵسەنگێنرانی پێوانەکە لە نێوان ( 50% - 100%) ، وهەندێک لە برگەکانیش ڕاستکرانەوە و دەستکاری کران ، تا بەشێوەی کۆتایی ( 36 ) برگە وەک پێوانەی توێژینەوە مایەوە ،بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 3 ) .

**٣ ٥ – جێگیری پێوانەی توێژینەوە :**

جێگیری واتە ووردی و چوونیەکی پێوانە و برگەکانی ( أبو علام ، 2004 ، لا 249 ) .وبۆئەم مەبەستە پێوانەکە لەسەر سامپڵی جێبەجێ کردنی سەرەتایی کە ( 40 قوتابی خوێندنی باڵا ) جێبەجێکرا ،و بۆ دەستکەوتنی ڕێژەی جێگیری ، ڕێگەی ( چونیەکی ناوەکی – الاتساق الداخلي ) ، بە بەکار هێنانی تەکنیکی ئاماری **( ئەلفا کرونباخ - Cronbach's Alpha** ) لە ڕێگەی هەگبەی ئاماری (SPSS) بەکار هات و ڕێژەی جێگیری پێوانەکە ( 93,5 ) دەرچوو .

**٣ - ٦ – ئامرازە ئامارییەکان :**

سەرجەم ئامارییەکانی ئەم توێژینەوەیە بە هەگبەی ئاماری (spss) ئەنجامدران و تیایدا ئەم تەکنیکانەی ئاماری بەکار هاتوون ( هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ ، تی تێستی یەک سامپل و دوو و ناوەندەژمێری و لادانی پێوانەیی ).

**٤ - ١- خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەو شیکردنەوەییان :**

**ئامانجی یەکەم :** دۆزینەوەی ئاستەکانی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گشتی ، بڕوانە خشتەی ( ٤ ) .

خشتەی ( ٤ ) جیاوازی لە ئاستی تەنگژەی خوێندن لە نێوان ناوەندە ژمێری و ناوەندی گریمانی

| بابەت | سامپڵ | ناوەندی گریمانی | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| تەنگژەی خوێندن | 136 | 108• | 117.7 | 19.741 | 5.734 | 3.291 | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی 0.001 ونمرەی سەربەستی 135 |

لەم خشتەییەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ناوەندی ژمێری سامپڵی توێژینەوە کە (136) قوتابی خوێندنی باڵا بوو ڕێژەکەی (117.7) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (19.741 ) ، و بە بەراورد کردنی ناوەندی ژمێری بە ناوەندی گریمانی کە ( 108 ) بوو وبە بەکار هێنانی ( t.test ) بۆ یەک سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە ، چونکە ڕێژەی تی تێستی ئەژمارکراو (5.734) گەورەترە لە ڕێژەی خشتەیی کە (3.291) یە لە ئاستی (0.001 ) ونمرەی سەربەستی (135) ،بەمجۆرە ئاستەکانی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر و دکتۆرا ) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بەرزە وبەڵگەدارە .

هەروەک لە ( گرفتی توێژینەوە ) ئاماژەی پێکراوە ، و توێژەران بە پێ ی شارەزایی وزانیاریەکانی خۆیان ( شوێنی کارکردنیان لە زانکۆ )، و لەبەر ئەوەی قۆناغی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا ) پێویستی بە شارەزایی و توانا جەستەیی و عەقڵی و دەروونی تایبەت دەبێت ، هەر بۆیە شیمانەیان دەکرد کە قوتابیانی زانکۆلە خوێندنی باڵا بە جیاوازی بارودۆخ وپسپۆری و ئاستەکانیان ڕووبەڕووی تەنگژەی خوێندن ببنەوە ، هەروەها ئاستی ڕێنمایی دەروونی و پەروەدەیی و فێرکاری بۆ ئامادەکردنی قوتابیان لاوازە و نەبوونی لایەن و دەزگایەکی تایبەتی کە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەرەوەدەیی و فێرکاری لە قۆناغی خوێندنی باڵا بگرێتە ئەستۆ لەوەیە هۆکاری تری ئەم ئەنجامە بێت ، جگە لەمانەش دەکرێ نزم بوونەوەی باری دارایی گشتی و جیاوازی لە شێواز و ئەرکەکانی خوێندن و سیستەمی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکان هۆکارێکی تری ئەم ئەنجامە بێت .

**ئامانجی دووەم :** جیاوازی لە تەنگژەکانی خوێندنی لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی : أ- جۆری خوێندن ( ماستەر – دکتۆرا ) ، بڕوانە خشتەی ( ٥ ) .

خشتەی ( ٥ ) جیاوازی لە ئاستی تەنگژەی خوێندن لە نێوان قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا

| جۆری خوێندن | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | بەلگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| ماستەر | 68 | 123.147 | 21.902 | 3.332 | 3.291 | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی 0.001 ونمرەی سەربەستی 134 |
| دکتۆرا | 68 | 112.264 | 15.666 | | | |

لە خشتەی ژمارە ( ٥ ) دەردەکەوێ کە ناوەندی ژمارەیی سامپڵی قوتابیانی ماستەر ڕێژەکەی (123.147) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (21.902 ) ، بەرزتر بووە لە ئاستی تەنگژەی خوێندن لە ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتبیانی دکتۆرا کە ڕێژەکەی (112.264) بوو بەلادانی پێوانەیی (15.666 ) ، وبەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە ، چونکە ڕێژەی تی

• ناوەندی گریمانی =بەرزترین نمرەی وەڵامە هەڵبژاردەکان× ژمارەی برگە + نزمترین نمرەی وەڵامە هەڵبژاردە × ژمارەی برگە ÷ ٢

تێستی ئەژمارکراو (3.332 ) گەورەترە لە ڕێژەی تی تێستی خشتەیی کە (3.291) یە لە ئاستی (0.001 ) و نمرەی سەربەستی (134) ، کەواتە ئاستەکانی تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر ) زیاترە وەک لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( دکتۆرا ) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

و ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامەکانی هەریەک لە توێژینەوەکانی ( شراب و وادي ، 2015 ) (فتيحة ، 2018 ) ،بەبۆچوونی توێژەران لەوەیە ئەزموونی و شارەزایی و لێزانینی قوتابیانی ماستەر لە سیستەمی و خوێندنی باڵا کەمتر بێت ( یەکەم ئەزموونی خوێندنی باڵا یانە ) هۆکارێک بێت بۆ تێنەگەیشتن لەهەندێک کاروباری خوێندنی باڵا و چۆنیەتی مامڵە کردن لەگەڵ تاقیکردنەوەکان و توێژینەوەکان و ئەرکەکانی رۆژانە و هەفتانە و مانگانە .....هتد ، لەبەرامبەردا قوتابیانی دکتۆرا زۆربەییان لەناو خوێندنی باڵا کارمەند و دامەزراون وەک مامۆستای زانکۆ ( جگە لە شارەزایی و ئەزموونەکانیان) ئەمانە لەوەیە ببێتە هۆکارێک بۆ باشتر مامڵەکردن لەگەڵ سیستەمی خوێندنی باڵا و چۆنیەتی کەمکردنەوەی کێشەکانیان و زاڵ بوون بەسەر بەربەستەکان ،بەجۆرێک ببێتە هۆکاری دابەزینی ئاستی تەنگژەی خوێندنیان .

**ئامانجی دووەم :** جیاوازی لە تەنگژەکانی خوێندنی لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی : ب- پسپۆری خوێندن (زانستی – مرۆڤایەتی ) ، بڕوانە خشتەی ( ٦ ) .

خشتەی ژمارە ( ٦ ) جیاوازی لە ئاستی تەنگژەی خوێندن بە پێ ی پسپۆری خوێندن (زانستی – مرۆڤایەتی )

| پسپۆری خوێندن | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | بەلگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| زانستی | 68 | 120.352 | 21.129 | 1.572 | 1.968 | نەبوونی جیاوازی بەڵگە داری ئاماری لە ئاستی 0.01 ونمرەی سەربەستی 134 |
| مرۆڤایەتی | 68 | 115.058 | 18.015 | | | |

بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە ( ٦ ) ڕوونە ناوەندی ژمارەیی سامپڵی قوتابیانی زانستی لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) ڕێژەکەی (120.352) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (21.129) ، بەرزترە لە ئاستی تەنگژەی خوێندن لە ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتابیانی مرۆڤایەتی کە ڕێژەکەی (115.058) بوو بەلادانی پێوانەیی (18.015) ، وبەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نەبوو ، چونکە ڕێژەی تی تێستی ئەژمارکراو (1.572 ) بچووکتر بوو لە ڕێژەی تی تێستی خشتەیی کە (1.968) لە ئاستی (0.01 ) و نمرەی سەربەستی (134) .

بە بۆچوونی توێژەران هەرچەندە جیاوازی نێوان قوتابیانی زانستی و مرۆڤایەتی لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) نەگەیشتۆتە ئاستی بەڵگەداری ئاماری و گەشتاندنیان بەسەر هەموو قوتابیانی خوێندنی بالا وجیاوازی لە نێوان ناوەندەژمارەیی قوتابیانی ( زانستی و مرۆڤایەتی ) لە ئاستی تەنگژەی خوێندن لەوەیە بگەڕێتەوە بۆ سروشتی پسپۆرییە زانستییەکان لە مامڵەکردن لەگەل تاقیگەکان و تیۆرە زانستی یە پیورەکان ، لە بەرامبەردا سروشتی پسپۆرییە مرۆڤایەتی یەکان و نزیک بوونەوەیان لە ژینگە و تێگەیشتنی مرۆڤایەتی لەوەیە هۆکارێک بێت بۆ نزمبوونەوەی ئاستی تەنگژەی خوێندن لە لایان .

**ئامانجی دووەم : جیاوازی لە تەنگژەکانی خوێندنی لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی : ج – کاتی خوێندن ( کۆرسات – نووسینی توێژینەوە )، بڕوانە خشتەی ( ٧ ) .**

خشتەی ( ٧ ) جیاوازی لە ئاستی تەنگژەی خوێندن بە پێ ی کاتی خوێندن ( کۆرسات – نووسینی توێژینەوە )

| کاتی خوێندن | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | بەلگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| کۆرسات | 68 | 122.22 | 21.295 | 2.730 | 1.968 | بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی 0.01 و نمرەی سەربەستی 134 |
| توێژینەوە | 68 | 113.19 | 17.041 | | | |

لەم خشتەییەدا بۆمان دەردەکەوێ ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتابیانی کۆرسات لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) ڕێژەکەی (122.22) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (21.295) ، بەرزترە لە ئاستی تەنگژەی خوێندن لە ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتابیانی نووسینی توێژینەوە کە ڕێژەکەی (113.19) بوو بەلادانی پێوانەیی (17.041) ، وبەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەبوو ، چونکە ڕێژەی تی تێستی ئەژمارکراو (2.730 ) گەورەترە بوو لە ڕێژەی تی تێستی خشتەیی کە (1.968) لە ئاستی (0.01 ) و نمرەی سەربەستی (134) .

ئەم ئەنجامەش هاوتەریبە لەگەل توێژنەوەکانی پێشوو ، کە قوتابی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە کاتی کۆرساتی خوێندن ئاستی تەنگژەی خوێندنیان بەرزتر دەبێت لە قوتابی خوێندنی باڵا کە لە کاتی نووسینی پرۆژەی توێژینەوەکانیان .

و بە بۆچوونی توێژەرانیش ئەم ئەنجامە لەوەیە بگەرێتەوە بۆ ئەوەی قوتابی لەکاتی کۆرساتی خوێندن ( بە بێ جیاوازی لە ماستەر بێت یان دکتۆرا ) ڕووبەڕووی زۆرترین ئەرک و پێداویستی خوێندن دەبێتەوە ، جگە لە بوونی تاقیکردنەوەکان و پابەندبوون بە دەوامی خوێندن لە چەند ڕۆژێکی هەفتەدا ، لە بەرامبەردا قوتابیانی خوێندنی باڵا لەکاتی نووسینی پرۆژەی توێژینەوەکانیان کاتیکی زیاتریان بەدەستەوە دەبێت و فشاری ئەرکەکان و تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی کۆرساتییان نامێنیت و زیاتر (متفرغ ) دەبن بۆ توێژینەوەکەییان ، بەمەش جۆرێک لە نائارامی دەروونییان کەمتر دەبێتەوە و ئاستی تەنگژەی خوێندنیان کەمتر دەبێتەوە .

**ئامانجی دووەم : جیاوازی لە تەنگژەکانی خوێندنی لای قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بە گوێرەی : د – ڕەگەزی قوتابی ( نێر – مێ ) ، بڕوانە خشتەی ( ٨ ) .**

خشتەی ( ٨ ) جیاوازی لە ئاستی تەنگژەی خوێندن بە پێ ی ڕەگەزی قوتابی ( نێر – مێ )

| ڕەگەزی قوتابی | سامپڵ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوانەیی | t.test | | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمار کراو | خشتەیی | |
| نێر | 68 | 113.588 | 18.032 | 2.478 | 1.968 | بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی 0.01 ونمرەی سەربەستی 134 |
| مێ | 68 | 121.823 | 20.631 | | | |

لە خشتەی ( ٨ ) دەردەکەوێ کە ناوەندی ژمارەیی سامپڵی قوتابیانی ( نێر ) لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) ڕێژەکەی (113.588) بوو ، بەلادانی پێوانەیی (18.032 ) ، بەرزترە لە ئاستی تەنگژەی خوێندن لە ناوەندی ژمێری سامپڵی قوتابیانی ( مێ ) لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) کە ڕێژەکەی (121.823) بوو بەلادانی پێوانەیی (20.631 ) ، وبەبەکار هێنانی ( t.test ) بۆ دوو سامپڵ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە ، چونکە ڕێژەی تی تێستی ئەژمارکراو (2.478 ) گەورەترە لە ڕێژەی تی تێستی خشتەیی کە (1.968) لە ئاستی (0.01 ) و نمرەی سەربەستی (134) .

کەواتە قوتابیانی ( مێ ) لە خوێندنی باڵا ( ماستەر – دکتۆرا) ئاستی تەنگژەی خوێندنیان زیاترە لە قوتابیانی ( نێر ) و ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی ( شراب و وادي ، 2015 ) (فتيحة ، 2018 ) و توێژەران ئەم ئەنجامە زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ سروشتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی ( مێ ) لە کۆمەڵگەی کوردی ، کە زیاتر فشار و بارقورسایی ماڵ و خێزان و منداڵ دەکەوێتە سەرشانی ئافرەت ، جگە لەمەش ئافرەت زیاتر هەستیارترن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان و بە باشترین شێوە ، هەربۆیە ڕەنگە زۆرترین تەنگژەی خویندن بکەوێتە سەر قوتابی کچ وەک لای قوتابیکی کوڕ .

**٤ - ٢ - دەرئەنجامەکان :**

١ – قوتابیانی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر بەشێوەی گشتی تەنگژەی خوێندن لایان بەرزە .

٢ – قوتابیانی خوێندنی باڵا ( ماستەر ) زیاتر تەنگژەی خوێندنیان هەیە وەک لای قوتابیانی دکتۆرا .

٣ - قوتابیانی خوێندنی باڵا ( پسپۆری زانستی ) زیاتر تەنگژەی خوێندنیان هەیە وەک لای قوتابیانی پسپۆری مرۆڤایەتی.

٤ - قوتابیانی خوێندنی باڵا ( کۆرسات ) زیاتر تەنگژەی خوێندنیان هەیە وەک لای قوتابیان کە لە نووسینی توێژینەوەن .

٥ - قوتابیانی خوێندنی باڵا ( مێ ) زیاتر تەنگژەی خوێندنیان هەیە وەک لای قوتابیانی ڕەگەزی ( نێر ) .

**٤ – ٣ - ڕاسپاردەکان :**

- گرنگیدانی زیاتری سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین بە قوتابیانی خوێندنی باڵا بە ئەنجامدانی کۆنفراس و وێرکشۆپ و خولی تازەکردنەوەی سیستەمی خوێندنی باڵا لە زانکۆ ، و سوود وەرگرتن لە سیستەمە نوێیەکانی خوێندنی باڵای جیهانی .
- هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی و فێرکاری بۆ یارمەتیدانی قوتابیانی خوێندنی باڵا لە کەمکردنەوەی ئاستی تەنگژە و فشارەکانی خوێندن لە لایان .

**٤ – ٤ - پێشنیارەکان :**

- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لە زانکۆکانی تری هەرێمی کوردستان ، و بەراوورد کردنی لەگەل ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە .
- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر تەنگژەی خوێندن لای قوتابیانی خوێندنی باڵا - ئاوارەی ناو هەرێمی کوردستان .

**٥ - سەرچاوەکانی توێژینەوە :**


١- ابراهيم ، أحمد مالک ، ( 2011 ) ، الضغوط النفسية التي تواجه مديري المدارس الثانوية ، مجلة الفتح للعلوم التربوية والنفسية، العدد 46 ، كلية التربية الاساسية ، جامعة ديالى ، العراق .

٢ - ابراهيم ، لطفي عبد الباسط ( 2009 ) مقياس ضغوط الدراسة ،القاهرة ، مكتبة الانجلو المصرية .

٣- أبو علام ، رجاء محمود ، ( 2004 ) ، مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية ، دار النشر للجامعات ، القاهرة .

٤ - الاميري ، احمد علي محمد ناجي ، ( 2001 ) ، فعالية برنامج ارشادي في مواجهة الضغوط النفسية لدى طلاب المرحلة الثانوية في تعز ، كلية التربية ، جامعة المستنصرية ، اطروحة دكتوراه غير منشورة .

٥ - بوشعراية ، راف الله و طاهر ، فتحي الدايخ ( 2017 ) ، الضغوط النفسية و علاقتها بالتوافق الاسري لدى اباء و امهات اطفال التوحد ، المجلة الليبية العالمية ، العدد الرابع العشر ، جامعة بنغازي ، كلية التربية المرج ، ص 1 – 23 ).

٦ - البياتي ، رنا حكمت ، (2009 ) ، واقع التعليم العالي في العراق ، كلية الاداب ، جامعة بغداد ، رسالة ماجستير .

٧ - التميمي ، حسن ناصر حسين نجم ( 2012 ) ، التلكؤ الاكاديمي و علاقته بالضغوط النفسية لدى طلبة الجامعة ، قسم العلوم التربوية و النفسية ، كلية التربية الانسانية ، جامعة ديالى ، رسالة ماجستير غير منشورة .

٨ - جابر ، عبد الحميد ( 2004 ) ، نحو تعليم افضل –انجاز أكاديمي و تعلم اجتمتعي و ذكاء وجداني ، دار الفكر العربي للطباعة والنشر ، القاهرة .

٩ - جرجيس ، مؤيد اسماعيل ، ( 2002 ) ، اساليب التعامل مع ضغوط الحياة وعلاقتها بالطمأنينة النفسية والميول العصابية لدى الشباب الجامعي ، كلية التربية ، جامعة صلاح الدين ، رسالة ماجستير غير منشورة .

١٠ - حسين ، طه عبد العظيم ( 2006 ) استراتيجيات ادارة الضغوط التربوية النفسية ، دار الفكر للنشر ، عمان ، الاردن .

١١ - الحلو ، بثينة منصور ، ( 1989 ) ، مركز السيطرة والتعامل مع الضغوط النفسية ، كلية الاداب ، جامعة بغداد ، رسالة ماجستير غير منشورة .

١٢ - الحولي ، عليان و أبو دقة ، سناء ابراهيم ( 2004 ) ، تقويم برامج الدراسات العليا في الجامعة الاسلامية بغزة من وجهة نظر الخريجين ، مجلة الجامعة الاسلامية ، الدراسات الانسانية ، العدد ٢ ، المجلد 12 ، الجامعة الاسلامية بغزة .

١٣ - الحياني ، زبيدة عباس محمد هندي ( 2016 ) ،بعض الضغوط التي واجهت طلبة جامعة تكريت خلال فترة نزوحهم الى محافظة كركوك ، مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية ، المجلد ( 23 ) ، العدد ( 10 ) تشرين الاول ، ص 329 – 358 ) .

١٤ - خلف ، علي صبحي ( 2016 ) ، الضغوط الدراسية وعالقتها بالتفاؤل – التشاؤم لدى طلبة كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة في درس الجمناستك ، مجلة كلية التربية الرياضية ، المجلد الثامن والعشرون ، العدد أول ، جامعة بغداد .

١٥ - الخولي ، هشام عبد الرحمن ، ( 2007 )، دراسات وبحوث في علم النفس والصحة النفسية ، الطبعة الاولى ، دار الوفاءلدنيا للطباعة والنشر ، الاسكندرية ، مصر .

١٦ - دافيدوف ،لندا،ل، 1984 ، مدخل علم النفس ، ترجمة سيد الطواب واخرون ،مراجعة وتقديم فؤاد ابو حطب ، دار مكدوجل للنشر والتوزيع ، القاهرة.

١٧ -الزغلول ، عماد عبدالرحيم ( 2005 ) ، الاحصاء التربوي ، الطبعة الاولى ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان ، الاردن .

١٨ - شحاذة ، يوسف يعقوب و كاظم ، تغريد رشيد ( 2017 ) أدارة الضغوط المهنية لدى الادرارات المدرسية من وجهة نظرها ، مجلة الاستاذ ، العدد 221 ، المجلد الثاني ، ص 237 – 266 .

١٩ - شراب ، عبدالله عادل و وادي ، أكرم سعدي (2015 ) ، مصادر الضغوط المدرسية و علاقتها بالتحصيل الدراسي العام لدى طلبة المرحلة الثانوية في ضوء عدد من المتغيرات ، المؤتمر العلمي الدولي الثاني ، التعليم في فلسطين تحديات العصر و افاق المستقبل ، جامعة النجاح الوطنية ، فلسطين .

٢٠ - عبد ، سلوى فائق ( 2018 ) الضغط المدرسي و علاقته بالتمرد النفسي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية ،مجلة الاداب ، جامعة الكوفة ، العدد 127 كانون الاول ، ملحق (1) ، ص 493 – 520 .

٢١ - عبد اللطيف ، مدحت عبدالحميد ، ( 1993 )، الصحة النفسية والتفوق الدراسي ،دار المعرفية الجامعية ، الاسكندرية .

٢٢ - عقل ، اياد زكي عبد الهادي ( 2005 ) ، المشكلات الدراسية التي تواجه طلبة الدراسات العليا في الجامعة الاسلامية وسبل التغلب عليها ، كلية التربية ، عمادة الدراسات العليا ، الجامعة الاسلامية ، الغزة ، فلسطين ، رسالة ماجستير .

٢٣ - علي ، وائل فاضل ، ( 1994 ) ، نمط الشخصية والضغوط النفسية وتاثيرها على حدوث الجلطة القلبية ، كلية الاداب ، جامعة المستنصرية ، رسالة ماجستير غير منشورة .

٢٤ - عودة ، احمد ، الخليلي ، خليل ، 2000 ، الاحصاء للباحث في التربية و العلوم النفسية ، ط 2 ، دار الامل ، عمان .

٢٥ - فتيحة ،بن ويس ( 2018 ) ،الضغوط النفسية المدرسية لدى عينة من تلاميذ التعليم الثانوي المقبلين على امتحان البكالوريا ، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية ، جامعة سعيدة ،رسالة ماجستير ، الجزائر .

٢٦ - القيسي ،سهى شفيق توفيق ( 2004 ) ، الضغوط المدرسية عند طلبة المرحلة المتوسطة وعلاقتها بالعنف المدرسي ، كلية التربية –ابن رشد ، جامعة بغداد ، رسالة ماجستير غير منشورة .

٢٧ - الكبيسي ، جمعة و أحمد ، مي فيصل و أحمد ، مها فيصل ، ( 2016 ) موقف اساتذة الدراسات العليا في جامعة جرش من إعتماد السمنار وآلياته وسيلة لإقرار الخطط البحثية لطلبة الماجستير، مجلة كلية التربية الاساسية ، المجلد 22 ، الاصدار 95 ، الجامعة المستنصرية.

٢٨ - محمد ، محمد عدنان و عبد الغني ، وسام عماد ( 2016 ) ، مشكلات طلبة الدراسات العليا في كلية التربية / الجامعة المستنصرية و كلية التربية للعلوم الانسانية / جامعة ديالى ، مجلة الفتح ، العدد 67 ، كلية المعلمين ، جامعة ديالى .

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**پێوانەی تەنگژەی خوێندن بە شێوەی سەرەتایی**

جامعة صلاح الدين

كلية التربية    تحكيم مقياس الضغوط الدراسية

الأستاذ الفاضل ...................................... المحترم ........تحية علمية

يروم الباحثان القيام بدراسة( الضغوط الدراسية لدى طلبة الدراسات العليا بجامعة صلاح الدين- اربيل) ولغرض تحقيق اهداف البحث تم أعداد مقياس لضغوط الدراسية من خلال الاطلاع على الأدبيات والدراسات السابقة في هذا المجال ، فتم أعداد فقرات المقياس .

ونظراً لما تتمتعون من خبرة ودراية يرجى التفضل بإبداء الرأي عن طريق الحكم على صلاحية كل فقرة من فقرات المقياس في قياسها لضغوط الدراسية من خلال وضع علامة (√) تحت البديل المناسب أمام كل فقرة علما بأن بدائل الاجابة على الفقرات هي : (أوافق بشدة =5 درجات ،أوافق = 4 درجات ، لأدري = 3 درجات، لااوافق = 2 درجة، لا أوافق بشدة =1درجة ) ، لان المقياس بأتجاه واحد لقياس الضغوط الدراسية .

والباحثان يقدمان شكرهما لتفضلكم بإبداء رأيكم الثمين ، لان ما تقدمونه يفيد في بناء المقياس بصورتها النهائية.

تعريف الباحثان للضغوط الدراسية :- حالة من التوتر و الضيق يتعرض لها طلبة الدراسات العليا ، و ذلك لقلة قدرتهم على التوافق بين مطالب الدراسة و قدراتهم و امكانياتهم وظروفهم . وهي صعوبات يدَركها طلبة الدراسات العليا ، مما تسبب له حالة من قلة التوافق مع بيئة الدراسات العليا ،والتي تظهر من خلال قلة تقبله لنظام الدراسات العليا ومناهجها وامتحاناتها .

وتقبلوا فائق الشكر التقدير ...

الباحثان

د . ديار محي الدين صادق

د.ســـازه حسيــــــن رســول

مقياس الضغوط الدراسية

| ت | العبارات | صالحة | غير صالحة | التعديلات المقترحة |
|---|---|---|---|---|
| 1 | أعجز في انجاز أعمالي الدراسية في الوقت المحدد . | | | |
| 2 | عدم فهمي لنظام الدراسات العليا . | | | |
| 3 | الانشغال بمشاكل الاسرة . | | | |
| 4 | اضطر للعمل اثناء الدراسة بسب الظروف الاقتصادية . | | | |
| 5 | أشعر بعدم قدرتي على التركيز. | | | |
| 6 | احس بعدم قدرتي على شراء الكتب الجامعية . | | | |
| 7 | إمناع أعضاء هيئة التدريس عن تقديم المساعدة لي . | | | |
| 8 | اشعر بقلة الرسائل العلمية و الدوريات الحديثة في مجال تخصصي . | | | |
| 9 | عدم منحي فرصة المشاركة في تحديد وقت محاضراتي. | | | |
| 10 | عدم توفر القاعات الدراسية الملائمة لنا. | | | |
| 11 | ارتفاع تكلفة شراء الدراسات الأجنبية من الخارج و ترجمتها. | | | |
| 12 | أشعر بسرعة نسيان المعلومات والأفكار. | | | |
| 13 | عدم مراعاة بعض المحاضرين لمشاعري. | | | |
| 14 | العبء المادي يجعلني افكر بترك الدراسة أو تأجيلها . | | | |
| 15 | اضطر الى الاقتراض لتغطية النفقات الجامعية المطلوبة. | | | |
| 16 | اتضايق من سوء معاملة العاملين في المكتبة . | | | |
| 17 | تسبب لي المواصلات اليومية الارهاق واضاعة الوقت . | | | |
| 18 | اشعر بالغبن في درجاتي . | | | |
| 19 | اشعر بأنني احمل اسرتي فوق طاقاتهم . | | | |
| 20 | يزعجني كثرة التكاليف الدراسية المفاجئة. | | | |
| 21 | الاساتذة لايتفهمون صعوباتي الدراسية . | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 22 | الصعوبة في اختيار عنوان( رسالة الماجستير- اطروحة الدكتوراه) . | | | |
| 23 | ضعف مهاراتي في اللغة الانكليزية. | | | |
| 24 | طرائق التدريس المستخدمة لا تتلائم مع طبيعة دراستي. | | | |
| 25 | عدم مراعاة الفروق الفردية بين الطلبة . | | | |
| 26 | عدم تقدير الجامعة لجهودي المتميزة. | | | |
| 27 | افتقار الجامعة الى وسائل لقياس رضا طلبة الدراسات العليا . | | | |
| 28 | عدم الاخذ باراءنا في تطوير برامج الدراسات العليا . | | | |
| 29 | افتقار الجامعة لقاعة انترنت وقواعد معلومات خاصة بالطلبة. | | | |
| 30 | عدم توفر اماكن مناسبة لاستراحة الطلبة . | | | |
| 31 | تحيز بعض المدرسين لطلبة معينين . | | | |
| 32 | عدم تناسب بين الجدول الدراسي وايام الاسبوع . | | | |
| 33 | كثرة الواجبات التي يكلفنا بها المدرس . | | | |
| 34 | المناقشات الدراسية تسبب توتر العلاقة بيني وبين زملائي. | | | |
| 35 | كثرة و صعوبة الاسئلة في الامتحانات. | | | |
| 36 | عدم وجود مكان مناسبة للمذاكرة في المنزل. | | | |
| 37 | صعوبات بعض مواد الدراسية . | | | |
| 38 | ضعف كفائة بعض المدرسين في التدريس. | | | |
| 39 | كثافة محتوى المنهج الدراسي. | | | |
| 40 | سوء المعاملة بعض المدرسين مع الطلبة . | | | |
| 41 | الحاح أسرتي علي للحصول على درجات عالية . | | | |
| 42 | التكليفات المفاجئة التى يوجهها المدرس لنا . | | | |
| 43 | أعاني من تدريس المواد من قبل تدرسين غير متخصصين . | | | |
| 44 | اشعر بأن مدة الدراسة (ماجستير - دكتوراه ) قصيرة . | | | |
| 45 | اعتقد ان أكمال الدراسات العليا في خارج الاقليم اسهل . | | | |

**پاشكۆی ژمارە (١)**

**ناوی ونازناو وشوێنكاری هەڵسەنگێنەرانی راستگۆیی ڕواڵەتی پێوانەی توێژینەوە**

| ناو نازناو | پسپۆری | زانكۆ |
|---|---|---|
| پ .ی.د . بان صباح يحى | دەرونزانی پەروەردەیی | سەلاحەددین - هەولێر ، كولێژی پەروەردەی بنەرەتی - بەشی باخچەی ساوایان . |
| پ .ی.د . جنار عبد القادر أحمد جەباری | دەرونزانی پەروەردەیی | كەركوك ، كولێژی پەروەردەیی بنەڕەتی ، بەشی دەروونزانی . |
| پ .ی.د . ڕێزان علی ابراهيم | دەرونزانی پەروەردەیی | سەلاحەددین - هەولێر ، كولێژی ئەدەبیات ، بەشی دەرونزانی . |
| پ .ی.د . سلمى كامل حسين | ڕێنمایی دەروونی | سەلاحەددین - هەولێر ، كولێژی پەروەردە ، بەشی ڕینمایی پەروەدەیی دەروونی . |
| پ .ی.د . سلوى أحمد أمين | پێوانە و هەڵسەنگاندن | سەلاحەددین - هەولێر ، كولێژی پەروەردەی بنەرەتی - بەشی باخچەی ساوایان . |
| پ .ی.د . مؤيد اسماعيل جرجيس | تەندروستی دەروونی | سەلاحەددین - هەولێر ، كولێژی پەروەردە ، بەشی ڕینمایی پەروەدەیی دەروونی . |

**پاشكۆی ژمارە ( 3 )**

**پێوانەی تەنگژەی خوێندن بە شێوەی كۆتایی**

زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر

كۆلیژی پەروەردە

قوتابی خوێندنی باڵای بەرێز ...سڵاوێكی زانستیانەی گەرم ...

ئەم فۆرمی ڕاپرسییەی بەردەستتان ، بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەێكی مەیدانی دەبێت لە چوارچێوەی قوتابیانی خوێندنی بالا ، داواكارین لە بەڕێزتان یارمەتیمان بدەن و بەووردی برگە و پرسیارەكانی بخوێننەوە ،دواتر وەڵامی دروست و ڕاستی بدەیتەوە كە لەگەڵ بۆچوونی ئێوەی بەڕێز بگونجێت ، وتا ڕاستگۆییانە وەڵامی برگەكان بدەنەوە سوودی ئەم توێژینەوەیە بەرزتر دەبێتەوە ، و دڵنیا بن سەرجەم وەلامەكان بە نهێنی لای توێژەران دەمێنیتەوە و تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستی بەكار دەهێنرێن .

تێبینی / - لە وەڵامدانەوە تەنها هێمای ( √ ) لە ژێر یەكێك لەم وەڵامانە دابنە :

زۆر ڕازیم- ڕازیم - نازانم - ناڕازیم- زۆر ناڕازیم

- بۆ هەر برگەیەێک تەنها ( یەک وەڵام ) هەڵبژێرە .

و سەرەتا ئەم زانیاریانە وەڵام بدەرەوە :

| پسپۆری خوێندن | كۆرسات | توێژینەوە | جۆری خوێندن | | ڕەگەزی قوتابی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ماستەر | دكتۆراە | نێر | مێ |
| مرۆڤایەتی | | | | | | |
| زانستی | | | | | | |

- لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزمان ...

توێژەران
د . دیار محي الدین صادق
د.ســـازە حسیـــــــن رســـول

| ژ | بڕگە و پرسیارەکان | زۆر ڕازیم | ڕازیم | نازانم | نا ڕازیم | زۆر نا رازیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. | ناتوانم ئەرکەکانی خوێندنم لەکاتی خۆی تەواو بکەم . | | | | | |
| 2. | تێنەگەیشتنم لە سیستەمی خوێندنی بالا بێزاری کردووم . | | | | | |
| 3. | مشغول بوونم بە گرفتەخێزانی یەکان بیرکردنەوەم دەوەستێنیت . | | | | | |
| 4. | هەست دەکەم توانای تەرکیزم نەماوە . | | | | | |
| 5. | مامۆستاکانم یارمەتیم نادەن . | | | | | |
| 6. | کەمی گۆڤار و توێژینەوەی زانستی نوێ لەبواری پسپۆریم . | | | | | |
| 7. | ڕێگەم نادەن بەژداری لە دەست نیشانکردنی کاتی وانەکانم بکەم . | | | | | |
| 8. | نەبوونی هۆڵی خوێندنی گونجاو بۆ ئێمە . | | | | | |
| 9. | ناتوانم سەرچاوەی ئینگلیزی بکرِم و وەرگێرانی بۆ بکەم . | | | | | |
| 10. | تووشی لەبیرچوونەوەی زانیاری و بیرۆکەکانم بووم . | | | | | |
| 11. | ڕەچاونەکردنی هەستەکانمان لەلایەن هەندێ مامۆستا. | | | | | |
| 12. | بارقورسایی ماددی وای لێ کردووم بیر لە وازهێنانی خوێندن بێنم | | | | | |
| 13. | بێزارم لە خراپی مامەڵەکردنی کارمەندانی کتێبخانە. | | | | | |
| 14. | هاتوچۆی رۆژانە کاتم لێ دەبات و  بێزاری کردووم . | | | | | |
| 15. | هەست بەزوولم دەکەم لە نمرەکان . | | | | | |
| 16. | هەست دەکەم بارێکی قورسم خستۆتە سەر خێزانەکەم. | | | | | |
| 17. | مامۆستاکانمان لە قورسایی خوێندنمان تێناگەن . | | | | | |
| 18. | هەڵبژاردنی ناونیشانیک بۆ توێژینەوە بۆمن قورسە . | | | | | |
| 19. | هەست بە لاوازی دەکەم لە زمانی ئینگلیزییم . | | | | | |
| 20. | هەست دەکەم ڕێگاکانی وانەووتنەوەی بەکار هاتوو نەگونجاوە لەگەل سروشتی خوێندنمان . | | | | | |
| 21. | هەست دەکەم جیاوازی تاکایەتی لەنیو قوتابیان رەچاو ناکرێ . | | | | | |
| 22. | زانکۆ ئامرازێکی نیە رەزامەندی قوتابیان لە خوێندنی بالا پێوانە بکات . | | | | | |
| 23. | بەژداری نەکردنی قوتابیان لە دانانی پرۆگرامی خوێندن . | | | | | |
| 24. | کەمی هۆڵی ئەنترنیت و سیستەمی زانیاری تایبەت بە قوتابیان لە زانکۆ . | | | | | |
| 25. | نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ پشووی قوتابیان . | | | | | |
| 26. | لاینگیری هەندێک مامۆستا بۆ هەندێک قوتابی . | | | | | |
| 27. | نەگونجانی خشتەی وانەکان لەگەل رۆژەکانی هەفتە . | | | | | |
| 28. | زۆری ئەرکەکانی مامۆستایان تواناکانمی کەمکردۆتەوە . | | | | | |
| 29. | گفتوگۆ خوێندنی یەکان پەیوەندی من و هاورێکانمی کەمکردۆتەوە | | | | | |
| 30. | زۆری و قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان . | | | | | |
| 31. | نەبوونی شوێنی گونجاو بۆ خوێندن لە مالەوە . | | | | | |
| 32. | زۆری ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن . | | | | | |
| 33. | خراپی مامڵەکردنی هەندێک مامۆستا لەگەل قوتابیان . | | | | | |
| 34. | خێزانەکەم زۆرم لێ دەکەن بۆ هێنانی نمرەی بەرز . | | | | | |
| 35. | بەدەست مامۆستای ناپسپۆرەوە دەناڵێنین . | | | | | |
| 36. | هەست کاتی خوێندن زۆر کەمە . | | | | | |

**الضغوط الدراسية لدى طلبة الدراسات العليا في جامعة صلاح الدين – اربيل**

**ديار محى الدين صادق**
جامعة صلاح الدين / كلية التربية
diyar.sadeq@su.edu.krd

**سازه حسين رسول**
جامعة صلاح الدين / كلية الفنون الجميلة
saza.rasul@su.edu.krd

**الملخص**

يهدف البحث الحالي للتعرف على مستوى الضغوط الدراسية لدى طلبة الدراسات العليا في جامعة صلاح الدين – اربيل ( الماجستير – الدكتورا ) بصورة عامة ، وحسب المتغيرات نوع الدراسة ( الماجستير – الدكتورا) ، و متغير الاختصاص (العلمية – الانسانية ) ، و وقت الدراسة ( الكورسات – كتابة البحث ) ، و متغيرالجنس ( الذكور - الاناث ) ،بلغت عينة البحث (176) طالباً وطالبة ، منها ( 40 ) كعينة البحث الاولية ، و ( 136 ) طالب و طالبة لعينة البحث النهائية ، تم اعداد مقياس البحث من قبل الباحثان وكانت عدد فقراتها ( 45 فقرة ) ، وبعد التحقق من الصدق الظاهري للمقياس أصبحت المقياس في ( 29 ) فقرة للتطبيق النهائي ، تم إستخراج الثبات بطريقة ألفاكورنباخ ، بعد تطبيق المقياس على العينة النهائية للبحث ، تم معالجة جميع الأحصائيات بإستخدام الحقيبة الإحصائية للعلوم الإجتماعية (SPSS) ، وأظهرت النتائج أن ضغوط دراسية لدى طلبة الدراسات العليا ( الماجستير – الدكتورا ) في جامعة صلاح الدين – اربيل بصورة عامة مرتفعة ، وأن طلبة (دراسات الماجستير ) و طلبة ( الاختصاصات العلمية ) و طلبة ( الكورسات ) ، و طلبة (الاناث ) كانت لديهم مستوى اكبر من الضغوط الدراسية .

**الكلمات المفتاحية :** الضغوط الدراسية ، طلبة الدراسات العليا

**Academic pressure among graduate students at Salahaddin University - Erbil**

**Saza Hussen Rasul**
College of Fine Arts/Salahaddin University-Erbil
saza.rasul@su.edu.krd

**Diyar mohialdeen sadeq**
College of Education/ Salahaddin University-Erbil
diyar.sadeq@su.edu.krd

**Abstract**

The current research aims at identifying "The level of Academic Stress among Graduate at Salahaddin University - Erbil (Masters - Doctorate) in general, and according to the variables, the type of study (Masters - Doctorate), and the variable of specialization (scientific - human), and study time (courses - Writing the research), and the gender variable (male - female), The Research Sample reached (176) male and female students, of which (40) were the primary research sample, and (136) male and female students for the final research sample, The Research Scale was prepared by the Researchers, and the number of paragraphs of the scale (45 paragraphs) , and after verifying the face validity of the scale, the scale became in (29) paragraphs for a the final application , and the Reliability of scale was extracted by Alfa Cronbach way, After applying the scale to the final sample for research, Processing all the statistics using the statistical bag of social sciences (SPSS), the results showed that Academic Pressures among Graduate Students (Masters - Doctorate) at Salahaddin University - Erbil are generally high, And that students of (master's studies), (Scientific specializations) and (courses) students, and (female) students had a bigger level of academic pressure.

**Key words**: academic pressure, graduate students